بارانی الفبا

شێعر: شەهناز فەرج نەسەبی
نەقاشی: سۆهەیلا ساعیدپناه



انتشارات علمی کالج

انتشارات علمی کالج

بـارانی الفبـا

نویسنده : شهناز فرج نسبی
ناشر: انتشارات علمی کالج
مدیر مسئول:کیومرث کرباسی
تصویرگر: سهیلا ساعدپناه
گرافیک: شاهو احمدیان
چاپ و لیتوگرافی: سیمرغ
شمارگان: ۵۰۰۰
قیمت: ۳۰۰۰ تومان

سرشناسامه	فرج نسبی ، شهناز ، ۱۳۳۲ -
عنوان و نام پدیدآور	بارانی الفبا،نویسنده /شهناز فرج نسبی ؛تصویرگر/سهیلا ساعدپناه
مشخصات نشر	سنندج: انتشارات علمی کالج،۱۳۹۰
مشخصات ظاهری	۴۶ص: مصور(رنگی) .
شابک	۹۷۸-۶۰۰-۵۸۲۷-۴۰-۸
وضعیت فهرست نویسی	فیپا
یادداشت	گروه سنی:الف ، ب
موضوع	الفبا کردی - کردی - واژگان
شناسه افزوده	ساعدپناه . سهیلا، تصویرگر
رده بندی دیویی	۱۳۹۰ ب ۳۸۱ ف ۱ فا ۴
شماره کتابشناسی ملی	۲۴۴۷۴۰۴

مرکز پخش: سنندج، خ.پاسداران، مجتمع تجاری کردستان، طبقه همکف، واحد۱۶۲-۱۶۱
تلفن: ۳۲۹۱۰۸۶-۳۲۳۷۲۳۷ فکس:۳۲۳۵۷۹۶
collegepublication@yahoo.com

بـارانـی الفبـا

شێعر: شەهناز فەرج نەسەبی
نەقاشی: سۆهەیلا ساعێدپناه

انتشارات علمی کالج

پیشکەشە بۆ نەوەی خۆشەویستم ئارمین شێرزاد.

هەروەها سپاسی تایبەتم هەیە بۆ هاوسەری بەڕێزم پیراستە مەلەکی کە لە نووسینی ئەم بەرهەمە دا یارمەتی دە ری سەرەکی من بووە.

به ناوی بەرزی خودا
وا هەیە لە هەموو لا
بەخشەر و دلۆفانە
دانەری ئاسمانە
والە نێو دلّم یادی
لە بۆ من دێنێ شادی

ئەم کتیبە بۆ ئێوە یە وردیلە مندالّانم پر لە بیت و وشەیە لە بو تازە گولّانم
بەگشتی زمانی کوردی ٣٧ پیتی هەیە ئەم ٣٧ پیتە، پێکهێنە ری وشـەیـە
لـە ٣٧ ، ٢٩یان هەموو بێ سەدا و دەنگن

ئـ	ب	پ	ت	ج	چ	ح	خ	د	ر
ڕ	ز	ژ	س	ش	ع	غ	ف	ڤ	ق
ک	گ	ل	ڵ	م	ن	و	ه	ی	

هەشت پیتی دەنگدارمان هەیە هەریەک بە یەک ئاهەنگن

ا	ی	و	وو
ـە ه	ی	و	بزروکە


چوار پیت لە زمانی کوردی جیاواز و تایبەتییە کە لە زمانی فـارسیدا،
وێنەی ئەم چوارە نیە

ئـ	ر	ڤ	ل


سەرەتا بێدە نگەکانیان بە ئێوە ئەدەین پیشان هەریەک بە رەنگی
سوورە و بە هەڵبەست دێنە مەیدان

ئـ

یەکەم پیتی بێدەنگ




ئـ : وەکوو ئاسمان
پر لە ئەستێرە شەوان
هەتاو لە ئاسمانە
زێرین و گەرم و جوانە
لە ئێواران زەردە و سوور
سەیر کە دەدرۆشێ لە دوور



بـ ب
دووهەم پیتی بێدەنگ


ب بە وێنەی بەهار
یەکەم وەرزی رۆژگار
وەرزی باران و گوڵە
بولبول لە شاخ و چڵە
رووبار پڕ دەبێ لە ئاو
دەلیا دەبێ بەربڵاو
دیمەن گوڵاڵە سوورە
خاوێن و جوان لە دوورە
سەوز و رەنگین کێو و دەشت
کوردستان وێنەی بەهەشت





پـ پ

سیهەم پیتی بێدەنگ




پـ : پـەپـوولەی باڵدار
رەنگین و جوان و خاڵدار
ماڵی لە سەر گوڵانە
دەفڕێ بەو باڵە جوانە
کرمێ بوو بێ باڵ و پا
باڵ و پـای پـێ دا خودا
لە دەوری شەم و چرا
بە شەو دا دێت و دەڕوا




تـ ت

چوارەم پیتی بێدەنگ

تـ تاووسی جوان
چەتری کردەو خۆی نوان
وا لە باخچە ی گیان‌وەران
لە بۆ سەیری مرۆڤان
بەناوبانگە لە جوانی
جگە لە قاچەکانی
پەڕی جوان و رەنگینە
وێنەی پەلکەزێڕینە
هێندووستان نیشتمانی
جێ ژینگەیە و ژیانی






جـ ج
پینجەم پیتی بێدەنگ




ج:جووجەڵەی هەمە ڕەنگ
جیکەجیک و دەنگە دەنگ
دەچن بە حەوشو و ماڵ
بە عەرزی چوڵ و چاڵ
جامێ ئاو و مشتێ دان
بۆیان دێنن منداڵان
دایکیان دەڵێ وریا بن
بە لای پشیلە نەچن



چـ چ
شەشەم پیتی بێدەنگ

چ: بە وێنە ی چـرا
پەیدایە لەهەموو لا
لە خیابان، لە نێو پارکان
لە حەوش و ماڵ و کۆڵان
ئیش دەکا بە کارەبا
شەوان چەشنی رۆژ دەکا
منداڵان ئاگایان بێ
چـرا بە خۆرا نە سۆتێ





حـ ح
حەوتەم پیتی بێدەنگ



ح: وەکوو حـەکایەت
شەوان بۆت دەڵێ دایەت
حـکایەت حـەسەن کەچەڵ
ئیش نەکەر، کوڕە تەمەڵ
دەخوا بە دەستی چەپەڵ
ئاو و نان کورە کەچەل
حـەز ناکەن بچن بۆ لای
منداڵان لە بۆنی پای




خـ خ
هەشتەم پیتی بێدەنگ

خ: بە وێنەی خـەزەڵ
سۆز و سەرمای وا لەگەڵ
لە دار و دەوەن یەک جار
زەردە گەڵا دێتە خـوار
سەحرا و دەشت دەگرێتە بەر
سوور و نارنجی تیکەڵ
پاییز وەرزی خـەزانە
تۆزە، هەورە، بارانە








د

نۆهەم پیتی بێدەنگ


د: بە وێنەی دەریا (دەلیا)
کەشتی و بەلەم لە سەریا
شاری ماسی‌یە و مەرجان
دەوڵەمەندە لە حەیوان
شەپۆلی جوانی لە سەر
ساحیل و ویلای لە بەر
بۆ مرۆڤەکان سەیرانگاە
دەریا نیعمەتی خودا




ر (لاواز)
دەیەم پیتی بێدەنگ

ر: وەکوو ((ر)) لە مار
دەخزێ لە سەر عەرز و دار
چەمەر دەکا کاتی خەو
هەم بە ڕۆژ و هەم بە شەو
درێژە و بی دەست و پا
هێرش بۆ گیاندار دەبا
لە دیانی ژەهر دەرێژی
تاکوو دوژومن بکووژێ





ڕ (قەڵەو)
یازدەهەم پیتی بێدەنگ




ڕ: بە وێنەی ڕووبار
لە کوێستانەو دێتە خوار
ڕێ دەشتان دەگرێتە بە ر
زەوی لە ئەو بەهرەوەر
دیمەنی جوان بە دی دێ
لە هەر لا ڕووبارێ بێ
دوا خانوویە دەریا
دەڕوا و دەڕژێ بە سەریا
ر لە سەرە تای وشەدا
بێشک قەڵەوە ئەمجا



ز
دوازده هه م پیتی بێده نگ

ز : به وێنەی زستان
سپیپو ش دەشت و کویستان
منداڵان پاڵتاو له بەر
شاڵ له مل کڵاو له سەر
هەموویان چەکمه له پا
تۆپەڵە شەڕێ و هەرا
زرێبار یەخبەنانه
له سەری خزخزانه






ژ
سێزدەهەم پیتی بێدەنگ


ژ: ژیشک یان ژووژوو
لەشی دڕکاویە و بیموو
ژینگە ی بیاوان و دەشتە
بیاوان لە لای بەهەشتە
دوژمن دەبا بە هەڵە
خۆی دەکا بە تۆپەڵە
درک دەخا لە دەوری
کاتێ بە سەرچێ سەوری






ســ س (سین)
چواردەهەم پیتی بێدەنگ

س: وەکوو سەگی ڕان
یاری دەری مامە شوان
ئاگای لە ماڵ و مەڕە
دەنگی ئەو وەڕە وەڕە
شەو تا سبەین بە یارە
تەمەنکورتە لەم کارە
شیر ئەدا بە تووتکانی
لە ژێر زگیە گوانی





شـ ش (شین)
پازده هەم پیتی بێدەنگ




ش: وەکوو شەمامە
زەرد و سوور و خۆشتامە
بۆنی خۆش و گردەڵە
لە نێو گردان وردەڵە
لە نیو سەیارە و ماڵە
لە دەس کاوە و کەژاڵە
لە نێو بێسان دێتە بار
وێنەی کاڵەک و خەیار



عـ ـعـ ع (عین)
شازدەهەم پیتی بێدەنگ

ع: بە وێنەی عـەنتە ر
لەشی پر موو سەرانسەر
لە نێو جەنگەڵە ماڵی
عیشقی ئەوە منداڵی
ئەیدۆزێت و ئەیدوێنێ
شیری ئەدا و ئەیجوێنێ
بۆی دێنێ میوە لە دار
نارگیل و مۆز هەمووجار





غـ ـغـ غ (غین)
حەفدەهەم پیتی بێدەنگ




غ: غەزاڵی کوێستان
چاوە کانی ڕەشە و جوان
کورتە شاخێکی لە سەر
دەکا سەیری دەشتودەر
ڕاوچی دوژمنی گیانی
لێ دەستێنی ژیانی
لاغر و بەرزە قاچی
دەر دەچێ لەدەس راوچی





فـ ف

هەژدەهەم پیتی بێدەنگ

ف: فێلی چاخ و بەرزە
گەورە حەیوان سەر عەرزە
هەم ئاسیا و هەم ئافریقا
لەبۆ فێلانە ژینگا
پیکە و ژین دەبەنە سەر
لە یەکتر دەگرن خەوەر
لووتی خۆرتوومی ناوە
دیانی عاجە، بەناوە
فیلی ئەهلی بار دەبا
فەرمان دەبا، ئیش دەکا








قـ ق

نوزدەهەم پیتی بێدەنگ

ق: قۆرپۆک یان قورواقە
چاوانی خرت و زاقە
دەپەڕێ چوار دەست و پێ
لەم لا بۆ ئەو لا دەچێ
دەنگی دێ بە واقەواق
لە دەشت و سەحرا قۆرواق
دووشێوەیە ژیانی
لە ئاو و لە وشکانی




ڤـ ڤ

بیستەم پیتی بێدەنگ


ڤ: لە تاڤگەی شەڵماش
گرمە گرم و هاژەهاژ
لە سەردەشتی کوردستان
دیمەنی بەرزە و جوان
سەیرانگای مروڤانە
دەوران دەوری کوێستانە
جەنگەڵ پر دەوەن و دار
تاڤگە بەهەشتە بەهار
مەترسی زۆرە ئەویٚ
دەچی، ئاگات لە خۆ بیٚ





ک ک

بیست‌ویه‌کەم پیتی بێدەنگ




ک: بەوێنەی کوێستان
سەربەرز و سالار و جوان
وەک ئاربابا و ئاویەر
تاجی گوڵانیان لەسەر
وەک شاهۆ جوان و ڕەنگین
پڕ لە چنوور و نە سرین
هەمووی جەنگەلە و کوێستان
لە بانە و لە مەریوان




گـ گ

بیست‌ودووهەم پیتی بێدەنگ

گ: گـوڵی زەرد و سوور
بۆنی خۆشیان دێ لە دوور
گـولی یاس و وەنەوشە
لە سەحرا و ماڵ و حەوشە
گـوڵاڵە سوورەی جوان
زۆرە لە دەشت و کوێستان
گـوڵ، زینەتی باخانە
بە هەموو ڕەنگـێ جوانە








لـ ل (لاواز)
بیست‌وسیهه‌م پیتی ئه‌لفوبێ

ل: به‌ وێنه‌ی لانک
پاک و خاوێنه‌ بیشک
به‌ بزمار مۆره‌ و مشار
ده‌یکا ساز دارتاش له‌ دار
دایه‌ منداڵ ئه‌جوێنێ
له‌ نێو لانک ئه‌یدوێنێ
تاکوو خه‌وی لێکه‌وێ
هێدی-هێدی له‌ شه‌وێ



لـ ل (درشت یان قەلەو)
بیستوچوارەم پیتی بێدەنگ


ڵ: وەک ڵ لە هەڵو
بەرز ئەفڕێ کۆبەکۆ
شامەڵی ئاسمانە
ماڵی لووتکەی کێوانە
باڵندەیەکی بە ناوە
دایمە لە سەیر و ڕاوە
سەرەتای وشە ئازیز
ڵ (قەلەو) نایە هەرگیز






مـ م

بیست‌وپینجه‌م پیتی یێده‌نگ




م : به وێنه‌ی ماسی
پووله‌ک دۆزه کراسی
مالّی له نیوی ئاوه
بیّ ئاو ژینی ته‌واوه
مندالّی ڕاوی مه‌که
به سێخ که‌واوی مه‌که
دووری مه‌خه له ده‌ریا
قولاو مه‌که به سه‌ریا
چونکوو ئه‌و گیانی هه‌یه
هیوای ژیانی هه‌یه



نـ ن

بیست‌وشەشەم پیتی بێدەنگ

ن: نـە ماجی یان بەرەبەیان
ڕوون دەبێتە و ئاسمان
کاتی ئیشە و تیکۆشان
ئاگادار بن منداڵان
لە بەرە بە یان مەخە ون
با لە ژینا سەرکەون
هەستـن بشۆن دەموچاو
خاوین بە سابوون و ئاو







و

بیست‌وحەوتەم پیتی بێدەنگ

و: بە وێنەی وانە
لە فێرگە و قوتابخانە
منداڵەکان بخوێنن
تاکوو سەربەرز بمێنن
ڕۆشنبیر بن و زانا
تێکۆشەر بن و دانا
ڕێی زانست بگرنە بەر
تاکوو ببن بەختەوەر




ه ـهـ ـه ه

بیست‌وهه‌شته‌م پیتی بێده‌نگ

هـ : به وێنه‌ی هاوین
هه‌تاو به‌تاو و به‌تین
باخان به‌ سه‌ فاو ره‌نگن
مه‌لان به‌ سه‌دا و ده‌نگن
وه‌رزی مێوه‌ و گوڵ و گیا
هه‌مه‌ره‌نگ ده‌شت و چیا
هاوین خۆشه‌ بۆ سه‌یران
له‌ چۆم و پارک و کوێستان








یـ ی
بیست‌ونوهەم پیتی بێدەنگ

ی : بە وێنەی یانە
لە شار و دێیـەکانە
مروڤان سازی دەکە ن
لەویٚ ژیـن بە سەردەبەن
ئەمرۆ یـانە زۆر جوانە
لیٚ حەمامە و چێشتخانە
سانایـە ژیـن لە ناوی
لە بۆ کارە با و ئاوی
سپاس بو خودای مەزن
یـانەی چاکی دابە من



لە دوای پیتانی بێدەنگ، نورەی دەنگدارە کانە
بەرەنگی **سوور** دێنە پێش لە نێوراس وشە کانە
هەشت پیتی دەنگدار هەموو هاورێی بێدەنگەکانن
تیکەڵ دەبن لە گەڵ یەک ، بۆ بزواندن بزانن
قازانج دەبەن لە یەکتر تا وشە بەدی بێنن
تا ئێوە ئازیزانم بینووسن و بیخوێنن
سەرەتای بەخش و وشە نیما نە پیتی دەنگدار
بەو شێوە گەر بیبینی بزانە بێدەنگە ئەمجار
لە هەر برگەدا(بە خشدا)تەنیا، یەک پیتی دەنگدار
هەیە ئەویش بۆ بزواندنی بێدە نگەکان لە وشەیە

ا	ی	و	وو
ـە ە	ێ	ۆ	بزرۆکە



ا

یەکەم پیتی دەنگدار

ا: زانا و کاوە لە بەهار
لە نێو بێسان دەکەن کار
دەکێڵن سەوزی و خەیار
لە هاوینا دێتە بار
لەگەڵ باوکیان بەختیار
بو فرۆش دەیبە ن بو شار
ئیش دەکەن بە سەربەرزی
لە ساڵدا هەرچوار وەرزی




ی
دووهه م پیتی ده نگدار

ی:ئارمین و شەرمین ئەمڕۆ
کاتی گەرمای نیوەڕۆ
کڕیبوویان دوو کیسە شیـر
دەیانبرد بۆ نەنە پـیـر
نەنە پـیـر زۆر بوو خۆشحاڵ
هەر دووکیانی بردە ماڵ
چێشتی دانا لە بەریان
ماچی کرد چاوو سەریان








و


سێهه م پیتی دەنگدار

و: کوره کورد چۆخه له بەر
پشتوێن جوانی له کەمەر
له چەمەن دەکا کایه
زوری خۆش دەویٚ دایه
گوڵی وەنەوشه و نەسرین
دەچنیٚ بۆ دایکی ئەسرین
دایکی خۆشی بۆ دەکا
کاتیٚ گوڵی بۆ دەبا



وو
چوارەم پیتی دەنگدار

ڕووناک کچێکی جوانە
لە لای پووری مێوانە
کراسی بەری کوردی سوور
ماڵیان وا لە شارە زوور
بۆ دایکی دڵی تەنگە
دەڵێ دەچم درەنگە
بابی ئەمڕۆ دێ لە دوور
بیباتەو بۆ شارە زوور







ـه ه

پێنجەم پیتی دەنگدار

بەیان و سۆما و هاوژین
هانا و ڕووناک و پەرژین
بەجێ دێڵن ئاوایی
بو سەیر و گەشت و شایی
دەچن بۆمێرگ و چیا
بۆ کەندن گوڵ و گیا
دەچنن لە دەشت و کوێستان
خۆژە و بەنا و گوزەروان



ێ

شەشەم پیتی دەنگدار

ێ: هێمن زۆر دلۆڤانە
هاوینان لە کوێستانە
پاییز و زستان بەهار
دەچێتە فێرگەی دێی خوار
بۆ مال دێتەو ئێواران
لە تۆز و بەفر و باران
مەبەست زانستە بۆ ئەو
تێدە کوشێ رۆژ و شەو







ۆ
حەوتەم پیتی دەنگدار

ۆ: شیرکۆ و کوڕی کۆمار
دەچن بەرەو زرێبار
لە وێ ماسی ڕاو دەکەن
قرچە قرچ کەواو ئەکەن
دایکی کۆمار بەهارە
خەریک ئیشی نەهارە
تیشکی زێڕینی هەتاو
دە دا لە شەپۆل و ئاو
لەم سەیرانگا و لەم سەفا
شۆکر دەکەن بو خۆدا



(بزرۆکە) [کورتەبزوێن] هەشتەم پیتی دەنگدار

پیتی کورتی بزرۆکە ئاخر پیتی دەنگدارە
لە جێ چوار پیتی دەنگدار دێتە مەیدان ئەمجارە
و ە ی ێ
نیوان دوو پیتی بێدەنگ
بزرۆکە دی بە ئاهەنگ
گەر لە ئاخری وشە دوو پیتی بێدەنگمان بی
لە نێوانیان بە ئاهەنگ ئەمجارە بزروکە دی
لە نیوانی دوو وشە لە دوو بڕگە(بەخش)ی جیاواز
بزرۆکە دانانیشێ نە بە دەنگ نە بە ئاواز

فه رهه نگۆک

ئـ
ئه یدوێنێ = نوازش می‌کند.
ئیش = کار
ئه‌هلی = حیوانات بی‌آزاری که با مردم زندگی می‌کنند.
ئه یجوێنێ = تکانش می‌دهد.
ئاویه‌ر = کوه بلند و معروفی که در سنندج قرار دارد.
ئاربابا = کوه معروفی در شهر بانه
ئه‌ستێره = ستاره

بـ ب
به‌خته‌وه‌ر = خوشبخت
به‌نده‌ن = کوه
به‌یانی = صبح
به‌ره‌به‌یان = صبح خیلی زود؛ قبل از طلوع آفتاب، موقع نماز صبح
به‌له‌م = قایق
به‌دی دێ = به وجود می‌آید.
به‌رز = بلندمرتبه، بلند
به‌ربلاو = گسترده
بێ‌شک = بی‌گمان
بێشکه = نام دیگر گهواره به لهجه‌ی اردلانی
به‌ناوبانگ = مشهور
به‌نا = نوعی گیاه بهاری که با ماست مصرف می‌شود.
به‌گشتی = کُلاً
به‌خشه‌ر = بخشنده
به‌دی هاتن = پدید آمدن
باخچه‌ی گیانه‌وه‌ران = باغ‌وحش
به‌ناوه = معروف است
بزمار = میخ
باخ = باغ

پـ پ
پیت = حرف
پێلاو = کفش
پیس = کثیف
پوور = عمه، خاله
په‌لکه‌زێرینه = رنگین کمان
پێهێنه‌ر = به وجود آورنده
پشتوێن = شالی که به دور کمربسته می‌شود

تـ ت
تایبه‌تی = مخصوصاً
تیکه‌ڵ بوون = قاطی شدن، مخلوط شدن
تاڤگه = آبشار
تیشک = اشعه‌ی(پرتو نور) خورشید

چـ چ
چه‌نبه‌ر = حالتی که مار در وقت استراحت به خود می‌گیرد و به دور خود می‌پیچد.
چه‌شن = مانند
چیا = کوه
چۆڵ = جای خالی
چۆخه = لباس کردی مردانه
چاک = خوب
چاڵ = جای گود
چل = شاخه‌ی کوچک درخت

حـ ح
حه‌وش = حیاط

خ
خاوێن = زیبا، تمیز
خەزەل = برگ خزان
خوژە = گیاهی که بهار می‌روید و در آش دوغ می‌ریزند.
خەبار = خطر
خانوو = خانه

د
دەبا بە هەلە= به بیراهه می‌کشد ،گول می‌زند.
دلۆڤان= مهربان
دەوەن= بوتەی جنگلی
درەنگە= دیر است.
دیمەن = منظره
دەلال = زیبا
دەدرەوشێ= می‌درخشد.
درکاوی = تیغ‌دار
دارتاش = نجار
دەستەمۆ = اهلی
دانەر = به وجود آورنده

ڕ
ڕان = گله‌ی گاو و گوسفند
ڕووبار= رودخانه
ڕاو = شکار
ڕوشنبیر = روشن‌فکر
ڕوون = روشن
ڕنیایە = کنده‌شده
راش = نوعی درخت جنگلی که از آن وسایل چوبی می‌سازند.

ز
زۆر = زیاد، خیلی
زانا = کسی که بسیار می‌داند، دانشمند
زرێبار = دریاچه‌ای در مریوان که از چشمه‌ی شیرین می‌جوشد.
زانست = علم، دانش

ژ
ژیشک = جوجه‌تیغی به لهجه‌ی کردی سورانی
ژووژوو = جوجه‌تیغی به لهجه‌ی کردی اردلانی
ژین = زندگی
ژینگە = محل زندگی
ژیر = عاقل و فهمیده

ســ س
سەیارە = ماشین
سازی دەکا = می‌سازدش
سەرەتا = ابتدا و اوّل
سانا = آسان
سەیران = گردش، سیاحت

شــ ش
شەپۆل= موج دریا
شارەزوور = نام منطقه‌ای وسیع در کردستان
شاهۆ = نام کوهی در کردستان

ع
عەرز = زمین

غ
غەزاڵ = آهو که نوعی از آن دارای دو شاخ بلند و نوع دیگرش یک شاخ کوتاه بین دو گوشش وجود دارد.

فــ ف
فێرگە = محل یادگیری، مدرسه

قـ ق
قورپۆک = قورباغه به زبان کردی سورانی
قۆخ = هلو
قاچەکانی = پاهایش
قازانج = سود، بهره

کـ ک
کۆڵان = کوچه
کارەبا = برق
کات = وقت
کورتەشاخ = شاخ کوتاه
کۆ = مخفف کوه
کامیران = شاد و خوشبخت
کرین = خریدن

گـ گ
گەل و هۆز = ایل و تبار، طایفه و قوم
گوزەروان = از گیاهان بهاری که خاصیت دارویی دارد.
گوندەکان = روستاها
گواندار = پستاندار

لـ ل
لانک = گهوارەای که از چوب یا ورق نازک آهنی ساخته می‌شود که امروز کمتر مورد استفاده است.
لووتکه = قلەی کوه
لێیه = در آنجا وجود دارد.

مـ م
مەڕ = گوسفند
مرۆڤان = مردمان
مەلان = پرندگان
مێرگ = چمنزار، دشت پُر از گل و گیاه
ماچ = بوسه
مەبەست = هدف، منظور
مەزن = بزرگ
مۆره = چکش
مشار = اره، وسیلەای دندانەای برای بریدن چوب

نـ ن
نەماجی = صبح خیلی زود
نێوان = میان
نیەمەت = برکت خدایی برای روزی مردم

و
وردیله = کوچولو، ریزاندام
وشه = کلمه
وێنه = نمونه، مثل، مانند
وانه = درس
وەرز = فصل
وا لەگەڵ = همراه دارد.

ه
هیوا = امید
هەڵۆ = عُقاب
هەمەڕەنگ = رنگارنگ
هاوین = تابستان
هەتاو = آفتاب
هەرا = سروصدا
هەموو جار = همیشه
هێرش = حمله
هێدی = آرام
هەڵبەست = شعر،سخنی که دارای نظم باشد

یـ ی
یانه = خانه

زمان پێ ناسەی ژینە   شیرینە وەک هەنگوینە

بە زمانی خوم ئەخوێنم   هاوەلانم ئەدوێنم

هەر گەلێ بێ زمانە   لە دونیا بێ نیشانە

حەزدەکەم تا بمێنم   زمانی خوم بژیێنم

جا فێربم لە زمانیتر   لە ژیانی خەڵکانیتر

هەمو زمانێ خۆشە   بو فێربونی بکوشە

انتشارات علمی کالج



په خشانگای زانستی کالج

کردستان – سنندج – خیابان پاسداران – مجتمع تجاری کردستان – طبقه همکف – واحد ۱۶۱

تلفن ۰۸۷۱۳۲۹۱۰۸۶ فکس: ۰۸۷۱۳۲۲۳۵۷۹۶

انتشارات علمی کالج منتشر کرد



❊ نه شمیل ❊



❊ دختر آسیابان ❊



❊ گربه بلا ❊



❊ جویجکه مر پوپه لار ❊



❊ مسابقه اسب ها ❊



❊ لی لی رفوزه ❊



❊ مشکی برسی ❊



❊ ده نگی حه یوانکه کان ❊




❊ ماساوه سیاولی ❊



❊ جووجه له زه رده ❊



❊ دنیای بی گه رد ❊



❊ شوانی دروزن ❊



چیروکه خوشه‌کانی دونیا (۱۱ به‌رگی)

ISBN 9786005827408